# نابێت ڕێگە بدرێت یەکەمین "دیاری" پاش "هەڵبژادنیان"
# زیادکردنی نرخی سوتەمەنیو کەمکردنەوەی کارەبای شارەکان بێت

## جەماوەری کوردستان

سەربارى ئەو هەموو بەڵێنو گفتانەی کە بەرلەهەڵبژاردنەکان دایان، لەپێناو ڕاپێچکردنی خەڵك وەرگرتنی پەنجەمۆریان بۆ سەرسندوقەکانی دەنگدان، سەرەنجام یەکەمین پەیامو "دیاری"یان بۆ جەماوەری بەش مەینەتو مەحرومی کوردستانو عێراق، زیادکردنی نرخی بەنزینو سوتەمەنییەکان بوو بۆ شەش بەرابەر لەنرخەکەی خۆیو، کەمکردنەوەی سەعاتەکارەبای خەڵکە بۆ تەنها سێکاتژمێرونیو لە شەووڕۆژێکدا.

ئاشکرایە کە نرخی نەوتی ڕەش لەبازارەکانی جیهاندا بەڕادەیەکی زۆر چوەتەسەرو داهاتی وڵات لەفرۆشی نەوت بەڕێژەیەکی زۆر زیادی کردوە، کە ئەمەش بەپێی هەر پێوانەیەك ئەبێت بکاتە داگرتنی نرخەکەی لەوناوخۆدا، بەڵام لەعێراقو کوردستان بەپێچەوانەوە نەك هەر ئەم بەرزبوونەوەیە لەبازاری جیهانیدا نەبوەتە هۆی باش بوونی باری ژیانی خەڵك، بەڵکو ئەوە خەڵکە کەئەبێت باجی ئەو گرانبوونە بداتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتداران هیچ پاساوێکیان نیە لە زیادکردنی ئەو نرخەدا، وە جێگەی پرسیاریشە کە بۆچی زیادبوونی ئەم نرخە نەبووتە هۆی زیادکردنی موچەو داهاتی خەڵكو باشکردنی باری ژیانی هاوڵاتیان؟

لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیەنراوە کە کارەبا دەبێتە سێسەعاتو نیو لەشەو ڕۆژێکدا، کە ئەمەش دەکاتە ئەوەی کە شار وەك نیوە ئەشکەوتێکی لێبێتو ژیانی خەڵك بۆ چەندین ساڵ بۆدواوە ئەگەڕێنرێتەوە، ئەم بڕیارەش تەنها بەسەر خەڵکدا جێبەجێئەکرێتو ماڵەکانی بەرپرسەکانو باڵەخانەو چراخانەکانیان وەك خۆی بەڕووناکی ئەمێنێتەوە.

## جەماوەری کوردستان،

وێڕای ووشك نەبوونەوەی بۆیەی پەنجەی دەنگدەران، سەربارى ئەوەی کە دەنگی وەعدە بریقەدارەکانی بەرپرسەکان لەچەشنی باشکردنی کارەبا و خزمەتگوزارییەکانو نەهێشتنی گەندەڵیەکان لەمێشکی خەڵکدا ئەزرینگێتەوە، وە دوای ئەو هەموو سوێندو پاڕانەوەیەی کە گوایا پاش هەڵبژاردن کوردستان بکەنە"شامی شەریف"، ئەوەتا ئەبیبنین کە چەندبەرابەر نرخی پێداویستیە سەرەتاییەکانو تاریکی لەماڵەکانماندا زیاد ئەکەن. ئەوەیشی کە ڕێگەیان پێئەدات کە بەم شێوەیە بن مەیداندار نەبوونی ئێمەیە، لەمەیدان نەبوونی خەڵکە، نەبوونی ئەو دەنگە ڕێکخراوە ناڕازیو توڕەیەیە کە "نا" دەڵێت بەم کردەوانەو خوازیاری ژیانێکی ئاسودەو ئینسانییە. بۆیە لەپێناو داگرتنەوەی نرخەکانو باشکردن و زیادکردنی ڕوناکی ماڵەکانمان ئەبێت ڕیزی ناڕەزایەتیەکانمان ڕێکخراو و بەهێز بکەین، بەهاتنە مەیدانی خەڵكو بەرزکردنەوەی دەنگیان ، ئەو خواستانە جێبەجێئەکرێن، کە لەئێستادا خۆیان لەمانەی خوارەوەدا ئەبیننەوە:

شارەکانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك پابەندی ئەو نرخە تازانەی حکومەتی مەرکەزی نابن، هەر دەسەڵاتێکیش لەکوردستان بەرپرسە لە بردنە پێشەوەی ئەم خواستەجەماوەرییە، بەپێچەوانەوە ئەبێت خۆی بەرپرس بێت بێت لەپێدانی ئەو زیادەیە.

کارەبای شارەکان ئەبێت لە ١٦ سەعات لەڕۆژێکدا کەمتر نەبێت، وە ئەبێت بەرنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ چارەسەری یەکجارەی ئەم کێشەیە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەڕیزی پێشەوەی ناڕەوزایەتیەکانەو بانگەوازتان ئەکەین لەم بەرەیەدا خۆتان ڕێکخراو بکەنو پێوەی پەیوەست بن.

**ڕێکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**٢٠٠٥/١٢/١٩**

Email: zaryak@yahoo.com
Mobil: 0770154900